وەزارەتی تەندروستی عێراق دەرگای دامەزراندنی بە دەرچووانی کۆلێژ و پێمانگە پزیشکییەکانی کوردستان کردەوە

وەزارەتی تەندروستی عێراق دەرگای دامەزراندن بە دەرچوانی کۆلێژ و پێمانگاکانی پزیشکی و تەندروستی هەرەمی کوردستان دەکاتەوە و ئەوانەی خوازیارن لە عێراق دابمەزرێت دەتوانن لە ڕێگەی فۆمی ئەلکترۆنی داواکاری پێشکەش بکەن.

وەزارەتی تەندروستی عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا، داوا لە دەرچوانی کۆلێژەکانی پزیشکی، تەندروستی، تەکنیکی، پەرستاری، پێمانگاکانی تەکنیکی و پەرستاری بە ساڵی خوێندنی ساڵی 2022 بە 2023 دەکات ئەوانەی خواستی دامەزراندنیان هەیە لە ڕێگەی فۆمی ئەلکترۆنییەوە داواکاری پێشکەش بکەن.

وەزارەتی تەندروستی عێراق، لە فۆمەکەیدا داوای ناوی چواری پێشکەشکار و کۆلێژ و پێمانگاکەی دەکات.

https://soft.moh.gov.iq/2024/kurdistan_g_2024_yagh14/login